# بۆ ئەوانەی خاوەنی قژێکی خاون











ڕێــگــاکــانــی بەستنی قژ چەندین شـێـواز و ڕێگەی تـایـبـەتـی هـەیـە بۆ ئەوەی تەسریحەیەکی جـــوان و ناسك دەربچێت. بە جۆرێك هەر بەستنێك دەبێتە تەسریحەیەکی جوان بۆ قژ، لێرەدا باسی شێوازێکی بەستنی قـژ دەکــەیــن، بۆ خانمان دەگونجێت و دەتوانن لەم بەستنە قـژیـان لـە شێوەی کەزی بکەن، لەگەڵ ئـەوەی کەزییەکان لـە پـێـشـەوەی قژ بەرەو دواوە دەچێت. زیاتریش لە پشتەوەی سەر دەردەکەوێت.

وەکو لە وێنەکاندا هەنگاو بە هەنگاو دەبینن، ئێوەش بتوانن ئەم ڕێگە ســادەیە بگرنە بەر، بۆ ئەوەی تەســریحەیەکی قژ ئامــادە بکــەن لە شێوەی کەزی بێت. لەگەڵ هەنگاوەکان تەنیــا تۆقەیەکتان پێویســتە بۆ ئەوەی لــە دواوە قژتــان پێوەی ببەستن، بەم ڕێگەیــە دەبــن بە خاوەن تەسریحەیەکی ناسك و جوان لە دوو کەزی هاوشــێوەی لە پێشــەوەی قژ تا دواوە.



# ماکیاژی رەنگ

مۆدەکانی ماکیاژکــردن لە کاری تازە و داهێنانی نوێ ناوەســتێت، بەتایبەت کاتێك ماکیاژێکی تازە جێگەی جوانی و سەرەنجراکێشی دەبێت. ئەگەر چی مۆدەکانی ماکیاژی رووخساری خانمان رێژەیەکی زۆری لە خۆوە وەرگرتووە، بەڵام نابێتە مانــای ئەوەی ماکیاژی تازە دەرنەچێت. مۆدەیەکی دیکە لە ماکیاژی خانمان بە جوانییەکی ناسك دەرکەوت و بە ماکیاژی (کریستال) ناسراوە.

# لێوەکانت هێمای ناسکییە

**خاتوو مەرام لە سالۆن مریام لە وڵاتی فەڵەستین بۆمان دەنێرێت..**

لێوەکانــت هێمــای جوانی و ناســکی لــە خۆدەگرێت، لەگــەڵ دیمەنێکی ســەرەنجراکێش دروست دەکات بۆ گشت لایەنێك، بۆیە گرنگی دان بە ستایلی لێو و ماکیاژکرنی دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانی و ناســکی رووخســار. چەندین هەنــگاو و ماکیــاژی تایبەت هەن بۆ زیاتر جوان کردنــی لێو، ئێمەش بۆتان روونی دەکەینەوە..

- بۆ ئەوەی زیاتر لێوت رەنگەکی بپارێزێت و بمێنێتەوە، ســەرەتا چینێکی سادە لە تەڕکردنی لێو بەکاربهێنە، دواتر ســووراو لە لێوت بدە، ئەم شــێوازە وادەکات رەنگەکە لەسەر لێوت بچەسپێت.
- بــۆ ئەوەی لێوت بە پڕی دەربکەوێت یان بــە گەورەیی دەربکەوێت، رەنگی بریقە لە ناوەڕاستی لێوت بدە و بەم ڕێگەیە شێوەیەکی پڕی لەخۆ دەگرێت.
- لە کاتی یاد و بۆنەکانی شــەوانە، رەنگی بە بریقە بەکاربهێنە وەك : رەنگی





## ...ی کریستال

بۆیە پێیدەڵێن ماکیاژی کریستال، چونکە ڕەنگێکی کریستال لە پشت چاوەکان دەدرێت و لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی ڕووخسار لە ڕەنگێکی کاڵی کریستال دادەنرێت، مەبەست ڕەنگی ئەساسەکە لە ڕەنگی کریستال یان ڕەساسی کراوە دەبێت، دەتوانن ئەم ڕەنگە لە ماکیاژدا دروست بکەن یان وەك ڕەنگێکی ئامادەکراو هەیە لەگەڵ گشت ڕەنگەکانی دیکەی ماکیاژ.

## چۆن جوانیان دەکەی؟

(زیوی – زێڕ)!

- بۆ ئەوەی لێوت بە بچووکی دەربکەوێت، ڕەنگی لێوت لە ڕەنگە داخراوەکان بەکاربهێنە وەك ڕەنگی (قاوەیی – سوورێکی تۆخ – پەمەیی تۆخ). لە ڕەنگە بە بریقەکان دوور بکەرەوە.
- پسپۆڕانی بواری جوانکاری بۆ ڕەنگی پێست و ڕەنگی لێو ئەو ڕێنماییانە لیستی ڕەنگەکان دەدەن :

• بۆ ئەوانەی پێستیان ئەسمەرە – ڕەنگی لێو سووری نزیك لە ڕەنگی قاوەیی بەکاربهێنن.
• پێستی زەیتوونی (ڕەنگی کراوە تر لە ئەسمەر) – ڕەنگی خۆخ و زێڕ.
• پێستی نزیك لە ڕەنگی سوور – قاوەیی لە ڕەنگی خۆخ.
• پێستی سپی – ڕەنگی مشمش – خۆخ – پەمەیی.



# زەرد و قاوەیی و خەنەیی ڕەنگە جوانەکانی مۆدەی ئەمساڵن







هەنگاوەکانی گرنگی دان بە جوانکردنی قژ دەبێتە یەکێك لەو ئەرکە قورسانە لەلایەن خانمان، بەهۆی ئەوەی گرنگییەکی تەواوی دەوێ تاوەکو قژ بە تەسریحە و شێوازێکی جوان ئامادە بکرێت. یەکێك لە ڕێگاکانی جوانکردنی قژ دەبێتە هەنگاوێك بۆ جارێك ئامادە دەکرێت و دواتریش دەتوانرێت بگۆڕدرێت.

ئەمەش بریتییە لە بۆیە کردنی قژ لەم ڕەنگانەی بۆ قژ دەگونجێت، مەرجێکی گرنگ لەم لایەنە دەبێتە هۆی زیاتر جوانکردنی ڕەنگی قژ، ئەویش شێوەی تەسریحە یان بڕینی قژ. بەهۆی ئەوەی ڕەنگی قژ لە دوای بڕینی قژ دەبێت بۆ ئەوەی هاتنەوەی قژ لە داهاتوو کاریگەری نەخاتە سەر بۆیەی قژ یان ڕەنگەکەی. ڕەنگی قژی ئەمساڵ پێکهاتووە لەم چەند ڕەنگە : ڕەنگی زەردی کراوە – قاوەیی کراوە – خەنەیی. ئەم ڕەنگانە دەبێتە مۆدەی ڕەنگی قژ لە داهاتوو.







# یەک ملیۆن دۆلار بۆ جوانکردنی روخسارێک




وێنەی دوای (١٥)نەشتەرگەری

ئەوانەی تووشی کارەسات و کاریگەرییەکانی ژیان و ژینگە دەبن، ئەوانەش دەبێتە هۆکاری شێواندنی شێوە و رووخساریان، بە جۆرێك هەر یەکە دەبێ چارەسەری گرفتەکەی بکات بە هەر شێوەیەك بێت، کچێك لە وڵاتی کۆریا لە کاتی لە دایك بوون شێوەی رووخساری شێواو دەبێ و ئەوەی سەیری بکردایە دڵی بۆی دەسووتا.

ئەو کچە ناوی (هان مییۆکی) تاکە چارەسەری ئەم خانمە ڕێگرتنە بەرەو کاری نەشتەرگەری و جوانکاری، تا ئەو کاتەی شێوەی جوان دەبێت نزیکەی (١٥) نەشتەرگەی جوانکاری گەورەی بۆ کراوە، لە دوا وێنەدا خاوەن رووخسارێکی ناوەندە و سادەیە، ئەوەی سەیر بێت کەس باوەڕ ناکات ئەو شێوە ناشرینە گۆڕابێت بەو شێوەیەی ئێستا، ئەو خانمە دڵخۆشە بۆ ئەو ئەنجامەی بۆی دەرچووە دوای ئەو کۆمەڵە نەشتەرگەرییە و تا ئێستا نزیکەی (١) ملیۆن دۆلاری سەرف کردووە.

## منداڵی بچووک و تاخمە ددانێک!





لەلاتان سەیر نەبێت ئەگەر منداڵێکی بچووکی تەمەنی ژێر (٣) ساڵانتان بینی کۆمەڵە ددانێکی لە دەم بێت! شێوەیەکی سەیری دەبێت و، وەك ئەوەی کەسێکی گەورە بێت لەوەی ددانەکانی تەواو هاتبێت. دەبێ ئەوە بزانن ئەو ددانانە ڕاستەقینە نییە و تەنیا دیمەنێکی دروست کراوە لە بەرچاو. ئەوانەی لەم وێنانە دەبینن ددانی ڕاستەقینە نییە.

ئەو ددانانە بریتییە لە (مەمە)ی دەمی منداڵان، بەڵام لە شێوەی لێو و ددان دروست کراوە لە بەرچاوی کەسی دیکە وادەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی سەیر و جوان دەبەخشێت کاتێك کەسانێك سەیری دەمی منداڵ بکەن و کۆمەڵە ددانێك ببینن، بۆیە ئەگەر شتێکی واتان بینی بیرتان بۆ مەمەی منداڵان بچێت نەوەك ددان !

## کورتەباڵاترین پیاو لە جیهان دا

لە دواترین ئاماری کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان لە دوای بچووکترین مرۆڤ دەستی بەکارەکان کرد و لە ئەنجامدا کورتەباڵاترین پیاوی جیهانیان دۆزییەوە. ئەمەش وەك هەنگاوێکی تازە بۆ ساڵی (٢٠٠٩) تاوەکو بتوانن بچووکترین مرۆڤ دەست نیشان بکرێت تاوەکو لە کتێبەکە ناوی تۆمار بکرێت. سەرەتا ئەو پیاوە حەزی نەدەکرد وێنە و ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەڵام دواتر ڕازی بوو.



ئەم پیاوە ناوی (بینگ بینۆگ)، لە وڵاتی چین دەژیێت و تەمەنی (٢٠) ساڵە ئەوەی لە دوورەوە بیبینێت وادەزانێت منداڵێکی بچووکە، بەڵام ئەگەر لێوەی نزیك بێتەوە دەبینێت پیاوێکە تەنیا باڵای دەگاتە (٧٤) سەنتیمەتر، لەگەڵ ئەوەشدا کێشی (٧) کیلۆگرام دەبێت. ئەوەی لەم وێنەیە دەبینن پیاوەکەیە لەگەڵ منداڵێکی تەمەن (٣) ساڵان وەستاون، باڵای کچە سێ ساڵانەکە لە باڵای ئەو پیاوە درێژترە.










# وێنە سەیرەکانی سەر زەرفەکان!

دروست کردنی کەرەستە سەیرەکان وەك هەنگاوێکی بەهێز بۆ ئەوەی رەواجێکی گەورەی هەبێ لە پەرەسەندایە، لەم بوارەدا لە ماوەی نزیك کاری تازە دەردەکەوێت. کارەکانی ئێستا دەبێتە هەنگاوێك بۆ تێکەڵ کردنی ژیانی ئاسایی لەگەڵ دونیای وێنە و نەخشەکێشان، وەك لە وێنەکاندا دەبینن سەیرترین جۆرە تێکەڵاویان ئامادەکردووە لە بواری وێنەکێشان.

ئەم بەهرەیە بریتییە لە دروستکردنی زەرف و عەلاگەی شت هەڵگرتن لەگەڵ دانانی وێنەیەك لە شوێنی هەڵگرتنی زەرفەکان، بە جۆرێك شێوەی دەستەکە لەگەڵ وێنەکە یەکتر دەگرێت و دیمەنێکی جوان نیشان دەدات، وەك لە یەکێك لە زەرفەکاندا وێنەی دەمانچەیەك دروست کراوە، کاتێك کەسێك زەرفەکە هەڵدەگرێت لە دوورەوە وا نیشان دەدات دەمانچەی هەڵگرتبێت نەوەك زەرف!







# جوانی پەیکەرە سەیرەکان لەچی دایە؟

زانستی ئەندازیاری لە بواری دروستکردنی باڵەخانە و پەیکەرەکان کاری سەیر دەخەنە بەرچاوی مرۆڤ بە جۆرێك جێگەی سەرسامی و سەرەنجراکێشی دەبێت، بە تایبەت دانانی پەیکەرە سەیرەکان ئەوەی زیاتر لەبەرچاوی خەڵکە و شێوەیەکی سەیر دەبەخشێت. جوانی و سەیری پەیکەرەکان لەوەدا دەبێت کاتێك لە شێوەی مرۆڤ یان لەسەر کردارێکی مرۆڤ بێت.

ئەو پەیکەرانەی دەیانبینن شێوەیەکی جوان نیشان دەدات و لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی بە مانا و گەورەی هەیە، وەك ئەو وێنەیەی مرۆڤەکان بەرەو ئاسمان سەردەکەون. بەمەش جوانترین وێنە و دیمەن دروست دەکەن، ئەو پەیکەرانە لە وڵاتی کەنەدا دروست کراوە و رۆژانە لەلایەن خەڵك وێنە و یادگارییان لەگەڵدا دەگیرێن!

# وێنەکێشان لەسەر گەڵای دار!







جوانی وێنەکێشان لە گشت بوارێکدا گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، بە جۆرێك هەر وێنەیەك هەزارەها وشە دەبەخشێت، بە تایبەت ئەگەر وێنەکان لە شێوەیەکی جوان و سەیر دروست کرابێت، وێنەکێشان لەسەر چەندین شت دروست دەکرێت، بەڵام ئەوەی سەیر بێت کێ دەتوانێت وێنە بکێشێت لەسەر گەڵای دارەکان؟ لە وڵاتی ئوستراليا وێنەکێشێك بیرۆکەی بۆ وێنەکێشان دەچێت لەسەر گەڵاکانی دار، بۆیە لە بیرۆکەکی سەرکەوتوو دەبێت و چەندین وێنەی جوان و سەیر دروست دەکات. وەك لە وێنەکاندا دەبینن بە شێوەیەکی جوان چەندین وێنە لەسەر گەڵای دار نەخشێنراوە.



# گوڵەکان ڕوخساری سەگەکانیش جوان دەکەن

بەهەرەکان هەر یەکە بە شێوەیەك دەردەکەون و دەبێتە جێگەی سەرسوڕمان و سەرەنجراکێش بوون لەبەر چاوی کەسانی دیکە، بیرۆکەی ئەو بەهرانە بە جۆرێك دەبێ لە داهاتوو کاری جێبەجێکردنی بۆ دەردەچێت، لە وڵاتی نیوزیلەندا خانمێك بە ناوی (مۆرینا) بیر لە دروستکردنی شێوەی سەگ لە چەندین لایەن دەکاتەوە.

یەکێك لەو شتانە بریتی بوو لە گوڵ، واتە چۆن بتوانێت شێوەی سەگ لە گوڵ دروست بکات، دوای هەوڵ و هەنگاوەکانی دەتوانێت چەندین شێوەی سەگ لە گوڵ دروست بکات و بینەخشێنێت. شێوەکانیش لە دوورەوە لە سەگ دەچن و لە نزیکەوەش دەبن بە دەستە گوڵێك. بۆیە نمایشێکی گەوریان بۆ ئەو شێوەی سەگانەی لە گوڵ کرایەوە.

# دوو کەرەستەی سەیر!





دروستکردنی کەرەستەکانی ماڵ و دیکۆرەکان بە چەندین شێواز دەردەکەون و بە جۆرێك دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرەنجراکێش بوون و جوانی، لەگەڵ ئەوەی شێوەی ئەو کەرەستانە هەر یەکە جیاوازە لەوەی دیکە، ئەمەش پابەند دەبێت بەو بیرۆکەیەی بۆی دادەنرێت. چەند نموونەیەکی کەرەستەی سەیرمان بۆ ئامادەکردوون و دەبێتە جێگەی سەیر و سەمەرەتان.

ئەم کەرەستانە بریتییە لە کورسییەك لە شێوەی پێڵاوی ئافرەتان، ئەگەر لە دوورەوە سەیری بکەیت وادەزانیت پێڵاوێکی ئافرەتانە، کەچی لە نزیکەوە کورسی دانیشتنە. کەرەستەی دووەم بریتییە لە قەنەفەیەك لە شێوەی دیکۆری پێشەوەی ئوتۆمبێل، ئەویش دیمەنێکی سەیر و سەمەرەی لە خۆ دەگرێت.

# ئامێری گوێچکە و سەما کردن!







بواری تەکنۆلۆژیا ڕۆژانە لە کاری تازە و سەیر ناوەستێت و شتی نوێ دادەهێنێت بە جۆرێك شتەکان لە شێوەی سەیر و سەرنجراکێش بوون خۆی نیشان دەدات، سە ما عە کا نی گوێچکە و ئامێرەکانی گوێگرتن دەبێتە کەرستەیەك بۆ گوێگرتن لە نزیکەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بێزار نەبێت تەنیا بۆ کەسێك بێت. بۆیە ئەم ئامێرە لە شێوەی تازە و سەیر دروست کراوە.

شێوەی سەیری ئەو ئامێرانە لە شێوەی مرۆڤ دروست کراوە و کاتێك لە بن گوێچکە دادەنرێت جوولە و سەما دەکات لەگەڵ ئەو میوزیکەی لەگەڵی دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا گوێچکە دەخوورێنێت و هەستێکی خۆش بە مرۆڤ دەدات.



# گۆلک و خۆشەویستی!

کارە سەیرەکان ڕۆژانە بەرچاوی خەڵك دەکەوێت و جۆرە سەرنجراکێشی پێوە دەردەکەوێت کاتێك لە بەرچاوی مرۆڤ دەبن، بۆیە دەبێتە شتێکی سەیر لە بەرچاوی هەمووان، لە وڵاتی ژاپۆن سەیرترین گیانداری (گۆلك) بینراوە، بۆیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردۆتەوە.

سەیری ئەو گۆلکە لەوەیە هێمایەکی سەیری لە شێوەی دڵ یان ئەو هێمایەی بۆ خۆشەویستی دەناسرێت، لە شاری فۆتیگیسوا لە نزیك پایتەختی ئەو وڵاتە ئەو چێڵە دۆزراوەتەوە و هێمای دڵەکە لە ڕەنگی، سپییە چونکە ڕەنگی گۆلکەکە قاوەییە نزیك ڕەشە. وەك لە وێنەکەدا دەبینن هێمایەکی دیاری دڵ لە نێوچەوانی سەری ئەو گۆلکە هەیە.





# لە ٣ساڵی فێری جگەرەکێشان بوو

ژمارەی جگەرەکێشان لە جیهاندا بەرەو زۆربوون دەچێت، و ئەمەش هۆی چاولێکەری و لاسایی کردنەوە و خولیا بوونیان بە دونیای نیکۆتین، ئەوانەی فێری جگەرەکێشان دەبن هەر یەکە لە تەمەنێکی دیاری کراو دەبێت، لەوانە هەن لە تەمەنی منداڵییەوە فێری جگەرەکێشان دەبن. ئەوەی سەیر بێت دەکرێ بڵێین هەیە لە تەمەنی (٣) ساڵی فێری جگەرەکێشان ببێت!

ئەو منداڵەی دەبینن تەمەنی (٥) ساڵ دێت و لە تەمەنی (٣) ساڵی فێری جگەرەکێشی بووە، بەهۆی ئەوەی ئەگەر جگەرەی پێنەدابووایە گریانێکی دەکرد بە ماوەیەکی زۆر، بۆیە جگەرەی دراوەتە دەستی و کێشاویەتی، تا ئێستا لە جگەرەکێشان بەردەوامە لەم تەمەنە بچووکەی! ڕاستە دەڵێن: ئەگەر دەستبەرداری جگەرکێشان نەبیت منداڵەکەشت فێردەبێت.





# ئەمە چەرخە یان چەکە!

ئەگەر کەسێك چەرخێکی بۆ نیشان کرد بەرەو ڕووتان، وا مەزانن دەیەوێت جگەرەتان بۆ داگرسێنێت یان ئاگرتان پێبدات، چونکە لەوانەیە ئەو چەرخە بۆ ئاگر نەبێت و شتێکی دیکەی هەبێت. ئەوەی لەم وێنەیە دەبینن بریتییە لە چەکێکی بچووك، دەتوانێت گوللەیەك هەڵبگرێت و بیتەقێنێت، ئەمەش دەبێتە بەکەم چەکی چەرخ یان چەکێك لە شێوەی چەرخ دروست کرابێت. لە ناوەوەی چەرخەکە بزمارێکی تەقاندنی گوللە هەیە و کاتێك دووگمەی چەرخەکە دادەگریت، گوللەکە دەتەقێت.

## بۆ ناسوودەیت

☺ - کوڕێك چووە داخوازی کچێك، لە کاتی پێش ئەوەی بیخوازێت باوکی کچەکە لە کوڕەکە دەپرسێت و دەڵێت : تۆ جگەرە دەکێشیت ؟

کوڕەکەش دەڵێت: نەخێر بەس جار جارە دوای ئارەق خواردنەوە دەکێشم بۆ خۆشی !

☺ - کوڕێك دەچێتە لای کچێك و پێیدەڵێت، دەمەوێ بتخوازم رازی دەبی؟!


کچەکە دەڵێت : رازی دەبم کوڕێکم دەوێت ئەوانە :

٢٠٠ مسقاڵ زێڕم بۆ بکات و خانووی سەربەخۆی هەبێ و مانگی هەنگوینی لە ئەورووپا بۆم بکات...

کوڕەکەش دەڵێت : ئەگەر کوڕێکی ئەوەها هەبوو منیش مێردی پێدەکەم!

## ماکیاژکردن بۆ مەیموونیش پەیدا بوو

کاری جوانکاری تەنیا بۆ مرۆڤ نییە، بە تایبەت بۆ خانمان و کچان ! ئەم لایەنە بۆ لایەنی دیکەش ڕێگەی گرتووە و جوانکردنی ڕووخسار بۆ گیاندارانیش بڵاوبۆتەوە، بە تایبەت ئەو گیاندارانەی شێوەیان لە شێوەی مرۆڤ نزیکە وەك : مەیموون !



ئەم مەیموونەی دەیبینن کاری جوانکاری و ماکیاژی بۆ کراوە، وەك ئەوەی تازە لە ساڵۆن هاتبێتەوە. شێوەیەکی جوان و سەیری هەیە بە جۆرێك جوانییەکەی گۆڕاوە و لە شێوەیەکی دیکە دەردەکەوێت لەوەی مەیموون بێت.


## مێروو (٥٠) ئەوەندەی خۆی هەڵدەگرێت!

وتەیەك هەیە دەڵێت : مێرولە دەتوانێت (٥٠) ئەوەندەی کێشی خۆی هەڵبگرێت، ئەمەش وەك پێوانەیەکی زانستی بۆ هێزی مێروولە دانراوە، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی زانستی و پراکتیکی. ئەوەی سەیر بێت مێروولە خوێنی نییە و کەچی ئەو هێزەی هەڵگرتنی شت و مەکی هەیە.

وەك لە وێنەکەدا دەبینن ئەم مێرولەیە توانیوێتی (٣) کێکی گەورە هەڵبگرێت، هەر یەکێك لەم کێکانە (٣٠) ئەوەندەی کێشی خۆیەتی، بەڵام تواناکانی مێروولە لە جۆرێك بۆ جۆرێکی دیکە دەگۆڕێت.



## کەلوەکان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

تۆ کەسێکی لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی تایبەتت هەیە، بۆیە هیچ کاتێك بایەخ بەو پروپاگەندانە مەدە کە دژی تۆ دەکرێن، بڕوات بە خۆت هەبێت و لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا ئارام بە، پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەی باش بیری لێ بکەوە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەگەر داواکاری کەسانی لەخۆت بەرزتر ڕەت بکەیەوە پەشیمان دەبیتەوە، خاوەنی قسەی خۆت بە و ڕاستگۆ بە لەگەڵ دەوروبەرت، هەست بە دڵخۆشی دەکەی بەهۆی هەڵوێستی کەسی بەرامبەرت کە بەدرێژایی تەمەن لەگەڵت ئەبێت و دڵت خۆش دەکات.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەم هەفتەیە کاتێکی گونجاوە بۆ دەستپێکردنی هەنگاوی گرنگ و هەستیار کە لەمێژە چاوەڕێی دەکەی، پەیوەندی و هاتووچۆت لەگەڵ دەوروبەرت دا زیاد ئەکات. ئەگەر لەکاتی دیاری کراوی خۆت پرۆژەکانت کۆتایی پێ بێنیت سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنیت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بایەخی زیاتر بە ڕێکخستنی باری دارایی خۆت بدە، دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ دەستکەوتنی کارێکی گرنگ کە لەوانەیە ژیانت بگۆڕێت. لەهەندێ لایەنی تایبەتی ژیانت هەست بە دڵتەنگی دەکەی، بەڵام ئەگەر هەر کێشەیەکت بۆ دروست بێت چارەسەری بۆ ئەدۆزیتەوە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

لەبارێکی دەروونی باش دای، لە ڕۆژانی داهاتوو باشتریش دەبیت. هەستی بڕوا بەخۆبوون و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان لای تۆ زیاد بێت، لەبواری سۆزداریدا ڕەنگە ناسینی کەسێك ژیانت بباتە قۆناغێکی نوێ، تۆ کەسێکی وەفاداری و هەولبدە هەر وا بمێنیتەوە.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەم هەفتەیە بەهۆی سەرقاڵ بوونت بەکاری تایبەتی خۆت کەمتر ئاگات لەدەوروبەرت دەبێت، پێویستت بە بەسەربردنی کاتی خۆش هەیە لەگەڵ هاوڕێکانت. خەڵك تۆیان خۆشدەوێت بەهۆی دڵپاکی و توانای خۆت، بەڵام هیچ کاتێك بیروڕای خۆت بەسەر کەس مەسەپێنە.


ئا/ هێمن قەسرەیی

## کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بە پێچەوانەی ویستی خۆت کە حەزدەکەی ئەم ماوەیە پشوو بدەی، کارکردنت زیاد دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خەڵك هەست بە تووڕەبوونت بکەن. لەکاتی تەنگانەدا هاوڕێکانت بەهاناتەوە دێن، زۆر بیرۆکەی جوانت لەبەردەستە ئێستا کاتی



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

کەسانی خاوەنی ئەم بورجە خاوەنی توانایەکی زۆرن، بەڵام نازانن چۆن بەکاری بێنن، پێویستە هەست بەم خاڵە لاوازەی خۆیان بکەن. ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانت لەگەڵ نزیکترین کەست، دەستکەوتێکی گرنگ بەڕێوەیە بۆ تۆ.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

گشت دەرگاکانی بەخت بە ڕووی تۆ دا دەکرێنەوە، ئەو شتەی لەمێژە چاوەڕێی دەکەی دەستی پێ بکە پێش ئەوەی دەرگاکانت بە ڕوودا دابخرێن. هەرگیز لەبڕیاردان خێرا مەبە، هەفتەیەکی باشە بۆ خوێندن و گەشت کردن. هەستی نزیکبوونەوە لەو کەسەی لەدڵتایە زیاد ئەکات.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بە گرنگی بیر لەستراتیژییەتی خۆت بکەوە لەبواری ژیانی تایبەتی و سۆزداری و کارکردن و خێزانیدا. زۆر جار لەدەربڕینی هەستی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت دوو دڵیت، چالاکی کۆمەڵایەتی و دیداری هاورێیان و سەفەرکردن هەنگاوی گرنگن کە پیویست جێبەجێیان بکەی.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

زۆربەی بڕیارەکانت لەشوێنی خۆیان دان، کەسێك هەوڵ دەدات تورەت بکات، بەڵام باشترین وەڵام بۆ ئەو کەسە بێدەنگییە. پێویستە زیاتر گوێ بگریت نەك قسە بکەیت. وامەکە کێشە تایبەتییەکانت کار بکەنە سەر تەواوی ژیانت چونکە ئەمە لەبەرژەوەندی تۆ دا نییە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

خاڵ لاوازی تۆ لەخۆشەویستیدا ئەوەیە کە زۆر بایەخ بە قسەی بەرامبەرەکەت نادەیت، بۆیە ئەمە گومانی لای بەرامبەرەکەت دروستکردووە، هەوڵ بدە کێشەکانت بخەیتە لایەك و کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر ببەیت و گوێ بە قسەی خەڵك مەدە.



**ئاسۆیی:**


-١ یاریزانێکی ئیتاڵیە کاتی خۆی نازناوی رامبۆی تۆپی پێیان لێنابوو
-٢ خانمە ئەکتەرێکی میسریە- هێرشبەرێکی هەڵبژاردەی ئیسپانیایە.
-٣ گۆرانیبێژێکی کوردە- بەشێکی سەرەکیە لە لەش+ کۆن(ت)
-٤ وڵاتێکی ئەمەریکای باشووە(پ)- پارێزگایەکی عێراقە(پ).
-٥ خواردنەوەیەکە(پ)- یار(ت).
-٦ بزر(پ)- دوو پیت لە (بەد).
-٧ نیوەی (سانا)- نیوەی (ڕێوی).
-٨ سێ پیت لە (دالاس)- شەکر بە عەرەبی.
-٩ چوار پیتی یەکەمی (تەیارە)- چوار پیت لە (مامە یارە).
-١٠ ناوێکە- راوێژکاری ئەڵمانیایە.
-١١ بێژەری هەواڵەکانە لە کەناڵی رۆتانا(پ)- یاریزانێکی تێنسی سەر زەویە و بەریتانیە.
-١٢ سەرۆکی ئەمریکایە+پیتێك.

**ستوونی:**

-١ ناوی راستەقینەی کچە پاڵەوانی فیلمی تایتانیك+ سێ پیتی یەکەمی ناوی خاوەنی وێنەکە.
-٢ سێ پیت لە وریا+ناوێکە+ لە زەریا بچوکترە.
-٣ سوپاس بە فەرەنسی(پ)- سیرین(ت).
-٤ یانەیەکی کوردستانە(پ)- وەکو یەکن.
-٥ سێ پیت لە تاژدین- ئەگەر گوڵ نیت چی مەبە؟.
-٦ ..........
-٧ ..........
-٨ سێ پیت لە (دانتی)- پیتی یەکەم و کۆتایی لە (مەم)+پیتێك.
-٩ یەکە یەکی فیزیاییە- وایە(ت).
-١٠ روسیا(ت)- بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ+نیوەی(شەرم).
-١١ باشترین یاریزانی ساڵی +٢٠٠٧پیتێك
-١٢ وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە(پ)+کچە گۆرانیبێژێکی ئەمەریکیە(پ).

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی بچووکە لە ناو شتی پیس دەردەکەوێت)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خەڵاتێکی گەورەیە بۆ هەڵژاردنی باشترین فیلم لە وڵاتی فەرەنسا و ئەڵمانیا ئامادەدەکرێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٦+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (پیاو بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (١+٣+٤+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامێرێکی مۆسیقایە بە گەردەن دەنووسێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بارزان) بوو